# کۆلارەبازەکە




**بەکر ئەحمەد**

کاتێک لە تەمەنێکی 9 تا 10 ساڵیدا وڵات جێدەهێڵیو زیاتر لە 26 ساڵ بەسەر ژیانتدا تێدەپەڕێت لە کۆمەڵگەی نوێدا، ئاسان یادەوەرییەکانی کۆمەڵگەی کۆن، ناتوانێت کێشت بکاتەوە بۆ باوەشی خۆی. ئەمە گرفتی بەشێکی گەورەی مندالآنی پەنابەرە کە لە تەمەنێکی زووی منداڵییانەوە زێدی خۆیان جێهێشتووەو لە خۆرئاوادا گەورە بوون. نیشتیمانی دایکو باوکیان دەبێتە مەملەکەتی غەریبیی ئەوانوماڵی نوێشیان دەبێتە مەملەکەتی غەریبیی دایکو باوکییان، بەڵام بۆ "ئەمر ئاغا"ی پاڵەوانی (کۆلارەبازەکە)ی "خالید حوسێنی"، نووسەری ئەفغانی نیشتەجێی ئەمریکا، دەکرێ تەنها زەنگی تەلەفۆنێک لە پاکستانەوە، هەموو ژیانی نوێو دامەزراو لە کۆمەڵگەی نوێدا، بەجارێک هەرەس پێبێنێ. ئەمیر 26 ساڵە کابولی ئەفغانستانی لە دوای لەشکرکێشیی سۆڤێتەوە لەگەڵ باوکیدا جێهێشتووەو لە سانفرانسیسکۆی ئەمریکادا گیرساوەتەوە. چرکەساتێک کە زۆرێک لە نووسەرانی تازە ناودەرکردوو، خەونی پێوەدەبینن. ئەوەی لە تەلەفۆنی ئەوبەرەوە دەدوێت دەنگێکی ناسراوە، دەنگی ڕەحیم خانی هاوڕێی خۆشەویستی باوکییەتی. پیاوێک کە هەمیشە لە تەنیشت باوکییەوە، دڵێکی فراوانو گوێگرێکی باشی پرسیارە وردیلەکانی ئەمیر بووە لە منداڵیدا. " ئەمیر!

تۆ دەبێت بێیتەوە. ئاخر هەمیشە شێوازێک هەیە کە شتەکانی پێ بخەیتەوە سەر ڕێچکەی خۆی" بەڵام دەنگەکە بە تەنها دەنگی ڕەحیم خان نییە کە لە گوێی ئەمیردا دەنگدەداتەوە، بەڵکو هەموو رابردووی ئەمیرە کە هاواری لێدەکات. ئەو دەبێ بڕواو خاڵی کۆتایی بخاتە سەر زۆر رستە لە کاتی خۆیدا، نەیکردوون، پەردە لەسەر زۆر لاپەڕەی ژیانی رابردووی خۆی هەڵداتەوە، کە لە مێژە لە دەست چیرۆکەکانی هەڵدێت. مێژووی دەستپێکردنی ئەم سەفەرە لە ئەمریکاوە بۆ پاکستانو دواتریش بۆ کابول، هاوکاتە لەگەڵ هاتنەسەرکاری تاڵیبانەکاندا لە ئەفغانستان.

ئەمیر لە یەکێک لە بنەماڵە دەوڵەمەندەکانی کابولەو باوکی" بابا" سەرمایەدارێکی گەورەی شارە. بە ڕەچەڵەک دەچنەوە سەر بنەماڵە ناودارەکانی ئەفغانستانو لە کۆشکێکی گەورەی دەوڵەمەندانەدا ژیانێکی خۆشی بێ دایک لە کابولی حەفتاکانی ئەفغانستاندا بەسەر دەبات. منداڵێک هەرچی پێداویستییە مادییەکانی ژیانی منداڵی دەوڵەمەندانە لەبەردەستیایەتیو لە عیشقی باوکیش بێبەشە. باوکێک کە خەونی دروستکردنی ماڵێکی تایبەتی بۆ بێدایکو باوکانی شاری لە کەللەدایەو ئەمیری کوڕیشی خەون بەوەوە دەبینێت، باوکی ڕۆژانە بۆ ساتێکی کەم، لە باوەشی بگرێتو گوێ لە پرسیارە بێشومارەکانی بگرێت، بەڵام باوکێکیش کە لەسەر گەورەترین بەها ئینسانیو مۆدێرنەکانی کۆمەڵگە، خوازیاری پەروەردەکردنی ئەمیرە. ئەمیرێک کە خەونی چیرۆکنووسین لە منداڵییەوە لە مێشکیدا گینگڵ دەداو ڕەحیم خانی هاوڕێی باوکی، ئەو کەلێنەی بۆ پڕدەکاتەوە کە گوێگرێکی باشی ئەو بێتو کتێبی تازەیشی بۆ بێنێ، بەڵام ئەوەی کە پڕکەرەوەی ژیانی منداڵانەی ئەمیرە، حەسەنی کوڕی عەلی خزمەتکارییانە کە هاوتەمەنی خۆیەتیو ئەو ڕۆحە هەمیشە ئامادەیە کە ئەمیر بێ ئەو ژیانی مانایەکی دیکەی نابێت. بەڵام حەسەن سەر بە بنەماڵەی "هەزارە"کانی باکووری ئەفغانستانەو ئەمەش کۆمەڵێک دەردیسەریی گەورە بۆ ئەمیر دەخولقێنێ. ناکرێ تۆ کارەکەرێکی "هەزارە"ییت هەبێتو وەک ئینسان مامەڵەی بکەیت. ئاخر سەر بە گروپی هەزارە بوون لە ئەفغانستاندا، وەک جووبوون وایە لە ژێر دەسەڵاتی نازیزمی ئەڵمانیدا. ئەو سیستەمی کاستەی لە هیندستاندا پەیڕەوی پێدەکرێت، بە هەمان شێوە، لە ئەفغانستاندا ئامادەیی هەیەو قوربانییەکانی خەڵکانی سەر بەم گروپەن.

حەسەن نەخوێندەوارەو ئاشقی چیرۆکی ڕۆستەمو زۆرابە. ئەمیر بۆ سەدان کەڕەت ئەم سەرگوزشتەیەی لەبن دارهەنارەکانی پشت ماڵەکانی خۆیانەوە بۆ حەسەن خوێندووەتەوەو هێشتاش ئەگەر ئەمیر لێی بپرسێت: دەتەوێت ئەمڕۆ چیت بۆ بخوێنمەوە؟ لە وەڵامدا هەر هەمان شت دەبیستێتەوە: ڕۆستەمو زۆراب. بەڵام حەسەن نەک هەر هاوڕێیەکی دڵسۆزو وەفاداری ئەمیرە، بەڵکو باشترین کۆلارەبازی کابولیشە. لە فێستیڤاڵی کۆلارەهەڵدانی ساڵانەی کابولدا کە سەربانەکانی کابولی دەکردە گەورەترین ترادیسیۆنی بەرچاوی ئەم شارە، کاتێک لە جەنگی کۆلارەبەزانندا، کۆلارەیەک دەدۆڕێتو بەردەدرێتەخوار، کوڕ ئەوەیە رابکاتو کۆلارەی بەربووەوە بگرێتەوەو ببێتە خاوەنی. کاتێک منداڵانی کابول بە شوێن کۆلارەیەکی بەربووەوەدا بەرەو خۆرهەڵات هەڵدەهاتنو خوازیاربوون لە کۆڵانێکی گەڕەکی خۆرهەڵاتدا بیگرنەوە، حەسەن بە پێچەوانەی هەموو منداڵانەوە بەرەو خۆرئاوای شار هەڵدەهاتو بێ کەیف لەبن گوێسوانەی ماڵێکدا چاوەڕێیدەکرد، تا کۆلارەکە لە نزیکییەوە دەکەوتە خوار. حەسەن لە شەڕفرۆشتنی منداڵە دەوڵەمەندەکانی دیکەی شاردا بە ئەمیر، کە زیاتر لەسەر هاوڕێیەتیی نزیکی ئەمیر بوو بۆ منداڵێکی کارەکەری "هەزاری" کە وەک جووەکانی ژێردەسەڵاتی نازیزم مامەڵەیان پێدەکرێ لەمڕۆو دوێنێی ئەفغانستاندا، هەمیشە دۆستی ئازاو وەفاداری ئەمیرە، بەڵام کاتێک حەسەن بە شوێن کۆلارەیەکی تایبەتیدا کە بڕیارە بیگرێتەوەو بیدات بە ئەمیر، لە یەکێک لە کووچە داخراوەکانی کابولدا لەلایەن کۆمەڵێک منداڵی ترەوە دەستگیردەکرێو ئەمیریش لە پشتی دیوارێکدا ئاگای لە ماجەراکەیە، پەیوەندیی هاوڕێیەتییان ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتیی بەسەردا دێت.

ئاخر بەبەرچاوی ئەمیرەوە دزداشە درێژەکەی حەسەن هەڵدەدەنەوەو دەستدرێژیی لێدەکەن. قیژەو هاواری حەسەن، خوێنی لەبەرۆیشتووی ناوگەڵی حەسەن، بەبەر چاوانی ئەمیردا ترسو بێهەڵوێستییەکی وای لەلا دروستدەکات، کە تا کۆتایی ژیانی لێی دەربازنابێت. بەڵام حەسەن لەسەر پەیمانی هاوڕێیەتیو وەفاداریی خۆی بۆ ئەمیر بەردەوامە. "بۆ تۆ هەزار جاری تر، دەیکەمو دەیکەمەوە، کۆلارەت بۆ دێنمەوە"

ئەمیر کەسایەتییەکی زۆر سادەی منداڵانەیەو لە هەموو کۆمەڵگەکانی دنیادا دەبینرێت. ئەو گرێ دەروونییە منداڵانەیەی خۆی وای لێدەکات لەبەرانبەر حەسەندا، هەمیشە خۆی پێ کەمتر بێت. حەسەنێک کە دالێک لە واوێک لێک جیاناکاتەوە، بەڵام دوو چاوی تیژو زمانێکی سادەی روونکردنەوەی هەیە کە ئەمیر چیدی ناتوانێت، لەبەرانبەریدا بوەستێت. بۆیەش بۆ ئەوەی لەم عەزابە ڕۆحییەی خۆی رزگاری بێت، پاش ئەوەی کە ناتوانێت بە لێدانیش یەک زەرە لە دڵسۆزیو وەفاداریی حەسەن بۆ ئەو بێنێتەخوار، ناچار لە پیلانێکی منداڵانەی خۆیدا، حەسەن تاوانباردەکات بەوەی کاتژمێرە گرانبەهاکەی کە لە ڕۆژی لەدایکبوونیدا وەریگرتووە، لەلایەن حەسەنەوە دەدزرێتو حەسەنو عەلیی باوکی لە ماڵە گەورەکەی ئەمیر ئاغا دەچنەدەرو لە ژیانی ئەمیردا وندەبن. گەڕانەوەی ئەمیر بۆ پاکستانو پاشانیش بە قاچاخ چوونە ناو ئەفغانستانەوە، بۆ هەڵدانەوەی مێژووی ونبوونی حەسەنو دۆزینەوەی ئەو بەشە لە منداڵیی ئەمیرە، کە دەبێت لە گەورەییدا پارچەکانی بدۆزێتەوەو مانایەک بۆ بێوەفاییو هەستی ئازاری ویژدانی خۆی پەیدا بکات تا کەمێک ئارام بگرێت.

بەڵام چیرۆکی "کۆلارەبازەکە"ی خالید حوسێنی بە تەنها سەرگوزشتەی هاوڕێیەتیو وەفاداریی دوو منداڵ نییە، بەڵکو سەرتاپای مێژووی خوێناویی ئەفغانستان لە ژیانو یاریی ڕۆژانەی باباو ئەمیرو حەسەنو رەحیم خانو هەندێک لە کەسایەتییەکانی دیکەی رۆماندا دێتە بەرچاوی خوێنەر.

خالید بەرلەوەی رۆمانێکی مێژوویی‌مان لەسەر مێژووی کۆنو نوێی ئەفغانستان پێشکەشکات، لەگەڵ گەورەبوونی پاڵەوانە بچکۆلەکانیدا ئەو مێژووە دێنێتە قسە. بەشێکی زۆر لە دیمەنەکانی رۆمان، وەک فیلمێکی زیندوو بەبەرچاوی خوێنەردا دەهێنێت، کە گێڕانەوەیەکی سادەی رۆمان، بە بێ هیچ گرێو درێژدادڕییەک، خوێنەر لە سیحرێکی خوێندنەوەی بەردەوامدا رادەگرێت، کە دەکرێ بە یەک نەفەس، رۆمانەکە بە چاو هەڵلووشیت. ئەگەر دانی زانیاری سەبارەت بە مێژوو پێکهاتە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەیەک کاری هونەری رۆماننووسین نەبێ لەمڕۆداو ئەگەر نووسەر ئاگاهانە بەکاریان نەهێنێت، تێکستەکە دووچاری ڕیپۆرتاژێکی ڕۆژنامەوانیانە دەکات، ئەوا بۆ (خالید حوسێنی)، نەک هەر سەرکەوتووانە ئەم کارە ئەنجامدەدات، بەڵکو زیرەکانە، رۆمانەکە دەکاتە سەرچاوەیەکی گەورەی زانیاریدان بە خوێنەرو بێ ئەوەی هەستبکەیت فێڵێکی گەورەت لێکراوە.

نووسەر ئەگەر مەبەستیشی نەبووبێت لەو وێنەو رووداوانەی لەم رۆمانەدا پێشکەشی کردووین، قووڵیی نائینسانیبوونی دابەشکاریی چینایەتیو جیاکردنەوەی ئینسانەکانمان لەسەر بنەمای جێگاو شوێنیان لە سیستەمی بەرهەمهێنان دێنێتە بەرچاو. خزمەتکاریی حەسەنو ئاغایەتئی ئەمیر بەسەر حەسەنەوە لەسەر بنەمای درۆیەکی گەورەو دێرین دامەزراوەو ئەو راستییانەی لە کۆتایی رۆمانەکەدا دەردەکەوێت پووچەڵیان دەکەنەوە.

راستییەکی تر کە دەکرێت لە نێو زنجیرەی رووداوەکاندا درکی بکەیتو بیناسیتەوە، راسیزمێکە کە لە درندەییو بێبەزەیی ئاسفی مێردمناڵەوە دێتە بەرچاومانو بە نێو جەنگو ئاوارەییو داگیرکاریو دارمانی مەدەنیەتدا تێدەپەڕێ و گەورە دەبێت تا دەگاتە ئەوەی لە پشت ریشێکو مێزەرێکی ئیسلامیانەی تاڵیبانێکەوە دەرکەوێتەوە. کە دیمەنەکانی کۆتایی رۆمانەکە دێنێتە بەرچاوو لەتەک دیمەنەکانی سەرەتایدا دایدەنێیت،

هەست دەکەیت راسیزمو ئینسان دوژمنی سەرێکەو لە ئیسلامی سیاسیدا کڵاوی خۆی دۆزیوەتەوە.

بۆ رەخنەگرانێک کە پێیانوایە ئەگەر ئەفغانستان لەمڕۆی سیاسەتی نێونەتەوایەتیدا جێگایەکی هێندە گەورەی لەسەر نەخشەی سیاسەتی دنیادا نەبوایە، ئەم رۆمانە ئەو سەدا نێونەتەوایەتییەی نەدەبوو، هەستدەکرێت بڕیارێکی بێبەزەییانەیە، چونکە ئەوەی لەسەر لاپەڕەکانی ئەم کتێبەدا دێتە گۆ، سەرگوزشتەیەکی پرسیارەو جودییەکانی ئینسانە کە خۆشەویستیو ڕق، وەفاو بێوەفایی، هاوڕێیەتیو خیانەت، سیاسەتو ئایین، منداڵیو گەورەبوون تەنیوویەتیو خوێنەر کێشدەکاتە ناو پرسیارە گرنگەکانی رۆمانەوە.

یەکێک لە هاوکارانی کارم کە پێش من ئەم رۆمانەی خوێندبووەوە سەبارەت بەم رۆمانە کاتێک لەسەر کار باسمانکرد پێی وایە: ئینسان هەستدەکات، کە پێشتر لە ئەفغانستاندا ژیانێکی تر هەبووەو من هیچ ئاگام لێی نەبووە. ئەم رۆمانە ئەو وێنەیەی بۆ نیشاندام. رەنگە درکاندنی راستییەکی تاڵی وا لەمڕۆدا کە دەسەڵاتی ئیسلامی سیاسی سیمای کۆمەڵگەی بەدەموچاوی زۆرێک  لە کۆمەڵگەکانی دنیاوە نەهێشتووە، پەیامێکی دیکەی ئەم رۆمانە بێت، ئەگەرچی مەبەست لە خودی چیرۆکەکە بۆ نووسەر شتێکی دیکەش بێت، بەڵام بۆ خوێنەرێکی ئەوروپی سیمای زۆرێک لە کۆمەڵگەکانی دنیا لە پاش هاتنەسەرکاری ئیسلامی سیاسی، پێویستی بە دووبارە وێنەکێشانەوەیەکی دیکە هەیە کە ئەم رۆمانە بە سادەیی دەیکێشێت.

کاتێک "ئەرۆندهاتی رۆێ" ژنە رۆماننووسی بەناوبانگی هندستان "خوای شتە بچووکەکان"ی  نووسی، یەکێک لە رۆماننووسانی سوید، ئەندێرش پاوڵرود دەنووسێ: خوایە، ئەم رۆمانە چەند جار کەڵکەڵەی سەفەری هندستانی لەسەرمدا زیندوو راگرتووە.

لەگەڵ خوێندنەوەی ئەم رۆمانەدا چەند حەزدمەدەکرد، خۆزگە منداڵێم لەگەڵ حەسەنو ئەمیردا لە ژێر ئاسمانی بەفراوی کابولدا ببردایەتە سەرو بۆ ساتێکیش لە فێستیڤاڵی کۆلارەهەڵداندا، لەگەڵ حەسەندا کۆڵانەو کۆڵان بەشوێن کۆلارە بەربووەکانی جەنگی کۆلارەکاندا هەڵهاتمایە. خوایە ئەم رۆمانە چ عیشقێکی سەیری بۆ منداڵبوونەوە لە کابولی حەفتاکاندا لە دڵی مندا دروستکردووە.

**ناونیشانی کتێب بە ئینگلیزی** The kite runner

**نووسینی: خالید حوسێنی**

**وەرگێڕانی بۆ سویدی: یوهان نیلسۆن**

**چاپخانەی:** Wahlström& Widstarnd

**ساڵی چاپ:** 2008